یەکێتی ئەورووپا داوای گۆڕینی دەستووری تورکیا دەکات
بۆ لاپەڕە 3

هاوسەرگیری پێشوەخت، جیابوونەوە لە پێشوەخت دا دروست دەکات
بۆ لاپەڕە 4

لە پشتەوە سیناریۆی شەڕێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناڤین دادەڕێژرێ
بۆ لاپەڕە 5

ئایە کرواتەکان کوردن؟
بۆ لاپەڕە 6

چای سەوز ئەگەرەکانی تووشبون بەشێرپەنجەی سی کەمدەکاتەوە
بۆ لاپەڕە 7

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7– 2000 بڵاوبۆتەوە...ژمارە(237) یەکشەممە14- 02- 2010

وڵاتی نۆرویژ نیو ملیۆن پەنابەر وەردەگرێ

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرێتی پەنابەری وڵاتی نۆریژ لەماوەی دە ساڵی رابردوودا زیاتر لە نیو ملیۆن پەنابەر کە زۆربەیان لە کیشوەری ئاسیاو ئەفریکاوە هاتوون، مافی مانەوەیان لە وڵاتی نورویژ وەرگرتوە.

بەو پێیە لە ساڵی 2000ەوە تا ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن پەنابەر روویان لەوڵاتی نورویژ کردوە، کە 518748 کەس مافی پەنابەریان پێدراوە، ئەمەش ژمارەیەکی یەکجار زۆرە، بەوهۆیەوە نۆرویژیەکان هەست بە نیگەرانی زیاتر دەکەن ولە حکومەت دەخوازن کە مەرجی پێدانی مافی مانەوە توندتر و زیاتر بکات.

مام جەلال بەهێزترین کاندیدی سەرکۆماری عێراق دەبێ

جگە لە کورد زۆرینەی عەرەبەکانیش پشتیوانی لێدەکەن

بەگوێرەی دواین راپرسی تا ئێستا رێزدار مام جەلال، سەرکۆماری ئێستای عێراق بەهێزترین سیاسەتمەدارو کەسایەتی عێراقە بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرکۆماری لە وڵاتدا.

وێرای ئەوەی کە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی پێشوەخت رێزدار تاڵەبانیان وەک کاندیدی سەرکۆماری راگەیاندبوو، بەڵام ئێستا هێزە سیاسیەکان و قەوارەکانی دیکەی کوردستانیش راشکاوانە هەڵبژاردنەوەی سەرۆک تاڵەبانی بە گرنگ و پێویست و شیاو دەبینن و کاری بۆ دەکەن. هەر لەو پێوەندەدا بەشێک لە هێزە عەرەبیەکانی عێراق مەیلداری خۆیان بۆ کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی راگەیاندوەو پێیانوایە کە بەبەهێزترین کەسایەتی دەمێنێتەوەو دەگمەن دەبن ئەوانەی بیانەوێ کێبەرکێی لەگەڵدا بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپا مانەوەی تاڵەبانی لە پۆستی سەرکۆماریدا بە سەنەدی پیادەکردنی سیستەمی تەوافوق دەزانن و لەو پێناوەدا کار دەکەن. هەروەها هەندێک وڵاتی عەرەبی و ناوچەکەش هەڵبژاردنەوەی سەرۆک تاڵەبانی بە سەنەدی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەبینن، بەوهۆیەوە مانەوەی رێزدار تاڵەبانی لە پۆستی سەرکۆماریدا بۆ چوار ساڵی داهاتوو بە پێویست و ژیاری دەزانن. هەرچەندە هەندێک وڵاتی عەرەبی حەز دەکەن عەرەبێکی سوننە پۆستی سەرکۆماری وەربگرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ژمارەیەک عەرەبی سوننە، لەوانەش عەدنان پاچەچی، سالح موتلەگ، ئەحمەد ئەبو ریشە، تاریق ئەلهاشمی، ئەیاد ئەلسامەرائی و مەحمود ئەلمەشهەدانی مرخی خۆیان لە پۆستی سەرکۆماری خۆش کردوە، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە رێزدار تاڵەبانی پۆستی سەرکۆماری مسۆگەر دەکاتەوە. ئەمەش وەک نموونەیەکی بێهاوتای مێژووی عێراق تۆمار دەکرێ کە سەرکۆمارێک بە هەڵبژاردن و بەبێ کۆدێتا ماوەی هەشت ساڵ لە کۆشکی کۆماریدا بمێنێتەوە. ئیدی ئەگەر جاران مام جەلال وەک مامی کوردان دادەنرا، ئیدی لەمەو بەدوا بە مامی هەموو عێراقیەکان دەناسرێ.

چاوی جیهان لە کەرکوک دەڕوانێ

هەر لەئێستاوە چاوی جیهانیان لەسەر کەرکوک گیرساوەتەوە، دەیانەوێ بزانن ئاکامی دەنگدانی رۆژی 7ی ئازار بە قازانجی کام لایەن و کام نەتەوە تەواو دەبێ.

پارێزگای کەرکوک کە هەندێک بە بەرمیلی باروت ناوی دەبەن، لەبەردەم خۆساغ کردنەوەدایە، بۆیە لەژێر هەڕەشەدایە، بەڵام چاودێران پێیانوایە ئەمجارەیان بە دەنگدان کوردستانیبونی خۆیان دەسەڵمێنن. لەو پێوەندەدا سەرچاوەیەک بە رۆژی گەلی راگەیاند کە ئامادەکاری تەواو بۆ پاراستنی ئاسایشی شارەکە کراوە، ئاسایش و پۆلیس و سەربازی عێراقی و ئەمریکیش پارێزگاری لە بنکەکانی دەنگداندا دەکەن.

رۆژەڤ

رۆژی هەینی، رێکەوتی 12-2- 2010 بانگەشەی هێز و قەوارە سیاسیەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستێ پێکرد و لە رۆژانی داهاتووشدا گوڕو تینی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ.

لە کوردستاندا چەند لیستێک هەن و بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کێبەرکێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن. لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە ژمارەیەکی زۆر لە حزب و لایەنەکانی کوردستان تێیدا کۆبوونەتەوە بە ژمارە 372، لیستی کۆمەڵ بەژمارە 352 و لیستی گۆڕان بە ژمارە 329 و لیستی یەکگرتوو بە ژمارە 315. هەر یەک لەو لیستانەش کاندیدی خۆیان هەیە و دەخوازن بەمەبەستی نوێنەرایتەی کردنیان، خەڵکی کوردستان دەنگیان پێبدەن.

خەڵک هیواو ئومێدێکی زۆری لەسەر ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە هەڵچنیوە و بە هەڵبژاردنێکی چارەنوسساز بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لێکیدەداتەوە. لەو پێوەندەدا حزبی رزگاریی کوردستان داوا لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی و تێکرای کوردستانیانی نێو هەرێم و هەندەران دەکات کە بە گوڕوتینێکی زۆرەوە بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن.

بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پێداگری لەسەر سیستەمی دیموکراسی سەرڕاست دەکاتەوە، دڵسۆزی و موکرِبوون لە بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کوردستانیان پێشان دەدات.

هەرچۆنێ بێ، ئەم هەڵبژاردنەش تێپەڕ دەبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لیستەکان و کاندیدەکان بە گیانێکی سەردەمیانەوە رەفتاری لەگەڵدا بکەن، بە گیانێکی هاوچەرخانەوە هەڵمەتی راگەیاندن پەرە پێبدەن و رووی گەشی گەل و شارستانی بوونی کوردستانیان بە جیهان پێشان بدەن. گرنگتریش ئەوەیە کە خەڵک نوێنەری دڵخوازو راستینی خۆی بناسێ و بزانێ بۆچی و لە پێناو چی دەنگی پێدەدات و وەک نوێنەری خۆی هەڵیدەبژێرێ.

حکومەتی نیوزلاند بە دژی کورد هەڵوێست وەردەگرێ

حکومەتی نیوزلاند، پارتی کرێکارانی کوردستانی خستە نێو لیستی رێکخراوە تیرۆریستیەکانەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان دوای ئەوەی حکومەتی نیوزلاند پەکەکەی خستە نێو لیستی رێکخراوە تیرۆریستەکانەوە، وا پێشبینی دەکرێ کە سەرجەم پارەی پەکەکە لە بانکەکانی ئەو وڵاتەدا بلۆک بکرێ.

بە گوێرەی هەواڵەکان، حکومەتی نیوزلاندا پارتی کرێکارانی کوردستان، رێکخراوی ئیتای ئیسپانی لە هەرێمی باسک، رێکخراوی شۆڕشی کۆلۆمبیو رێکخراوی گەنجانی سۆماڵی خستۆتە نێو لیستی رەشەوە.

جۆن کای، سەرۆکی حکومەتی نیوزلاند رایگەیاندوە کە ناسینی ئەو رێکخراوانە بە رێکخراوی تیرۆریستی، واتای ئەوەیە کە نیوزلاند گرنگی بە پرۆسەی رامالینی تیرۆر دەدات. هەروەها گوتویەتی کە ئیدی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەسەر خاکی نیوزلاندا جێیان نابێتەوە.

بە پێی یاساکانی نیوزلاند هەر رێکخراوێک بە تیرۆریست بناسرێ سەرجەم پارەو موڵکەکانی لە بانکەکاندا بلۆک دەکرێ. تا ئێستا حکومەتی نیوزلاند نزیکەی 80 رێکخراوی جۆراوجۆری بە تیرۆریست ناساندووە.

ئەو هەڵوێستەی نیوزلاند بە دژی کورد تەواو دەبێ و لەسەر داخوازی ئەمریکاو تورکیا ئەنجام دراوە، چونکە ماوەیەکە حکومەتی نیوزلاند بێ ئەملاوئەولا پێرەوی لە سیاسەتی ئەمریکا دەکات.

ئەمریکا بە لە سێدارەدانی بەعسیەکان نیگەران دەبێ

ژەنەراڵ دێڤید کوانتاک فەرماندەی گرتووخانەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق نیگەرانی خۆی لەمەڕ بڕیاری لە سێدارەدانی سەرانی بەعس دەربڕیوە، ئەوانەی کە دادگەی باڵای تاوانی عێراق سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕیونەتەوە.

ئەو بەرپرسە ئەمریکیە گوتویەتی کە بڕیاری لە سێدارەدانی سوڵتان هاشم، حوسێن رەشید تکریتی و سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری رۆشن نیەو لێی تێناگەین! بەڵام باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد پارێزگاری تایبەتی هەیەو راسپێردراون تا یاسای سزادانی عێراق تاوتوێ بکەن و بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئایە سزای سەپاندنی مەرگ تا چەند لەگەڵ رێککەوتنی لایەنە سیاسیەکانی عێراق دەگونجێ.

دێڤید کوانتاک نیگەرانی خۆی لە رادەستکردنەوەی سەرانی بەعس بە حکومەتی ئێستای بەغداد دەربڕیوەو گوتویەتی: هەر بەرپرسێکی زیندانیکراو کە ئێمە رادەستی حکومەتی بەغدادی دەکەینەوە، دوایی لە سێدارە دەدرێ.

جێی باسە،تەواوی ئەو 37 گەورە بەعسیەی کە ئێستا لە زیندانی هێزەکانی ئەمریکادان، رادەستی بەغداد دەکرێنەوە.